

## پیتەر گالبرێس:

# دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ مافی ڕەوای کوردە

**پیتەر گالبرێس، باڵوێز و سیاسەتکار و نووسەرێکی بە ئاگای بواری سیاسییە و لە نزیکەوە ئاگای لە دۆزی کورد هەیە و لە زۆر بۆنەدا جەختی لە سەر مافی کورد کردووەتەوە و لە دوایین وتارەکانیدا لە ئەمەریکا بڵاوی کردەوە وەک بەشێک لە پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەکار هات، پیتەر لە وتارەکەیدا باسی لە دابەشکردنی عێراق کردووە بۆ سێ هەرێم.**

**لە دیمانەیەکدا لە سەر ئاییندەی عێراق و نیگەرانییەکانی تورکیا و پاشەڕۆژی ئەزموونی کوردستان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ساز کرد.**

**دیمانە: نامق هەورامی**

*** تێڕوانینتان لە سەر یادکردنەوەی پێشەوا لە کاتێکی وەک ئەمڕۆدا؟**

– زۆر گرنگە بۆ کورد سوود لە ئەزموونەکانی کۆماری مەهاباد وەربگرێت هەرچەندە قۆناغەکان جیاوازن لە نێوان کۆماری مەهاباد و ئێستای حکوومەتی کوردستاندا، بەڵام دەبێت بە وردی لە هەموو لایەنەکانی بکۆڵنەوە، سوود لە ئەزموونەکەی وەربگرن و دیراسەی هۆکاری لەنێوبردنەکەشی بکەن بۆ ئەوەی ڕاستییەکانتان لا ئاشکرا بێت و ڕێگەبگرن لە دووبارەبوونەوەی ئەو شکستە تاڵە.

مەهاباد تەمەنی کورد بوو، تەنیا یانزە مانگی خایاند لەو کاتەدا کۆمارەکە و کوردیش دۆستییان نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین بۆ چواردەساڵ دەچێت کوردستان ئازادە و خاوەن سەروەری خۆیەتی، هێزی پێشمەرگەی بەهێزی هەیە کە لە عێراقدا تاکە هێز هێزی پێشمەرگەیە و ئەمەریکاش ئەمڕۆ پێویستی بە کورد هەیە بۆیە ئەمڕۆ عێراق لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردایە و کورد پێویستی بە عێراق نییە بۆیە دەبێت ئێستا داواکانی خۆتان بکەن بۆ ئەوەی کە پێویستانە.

*** دیارە وڵاتانی زلهێز زۆرتر بەرژەوەندی خۆیان هەیە نەک ئەوەی پێی دەگوترێت دۆست و هاوپەیمان، تۆ بڵێی مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە؟**

– نەخێر ئەوە دووبارە نابێتەوە چونکە بارودۆخەکە جیاوازە، کاتەکان جیاوازن، ئەمەریکییەکان گرنکی کورد لە ناوچەکەدا دەزانن، هەروەها دەزانن هێز و کاریگەری کورد چۆنە بە پێچەوانەی بەهۆی ئەو قەیرانەی ڕووبەڕووی ئەمەریکا بوەتەوە و بە پێی پێگەی بەهێزی کورد ئەمەریکا لە هەموو کات زیاتر پێویتسی بە ئێوە هەیە.

*** نیگەرانییەکانی تورکیا چۆن دەبینی؟**

– تورکیا ئەمڕۆ نیازخوازە بچێتە نێو یەکێتی ئەورووپاوە بۆیە دڵنیایە لەوەی هەر هەنگاوێکی تورکیا لەو بارەیەوە ئەو خەونەی دوادەخات.

لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراقدا ئەمەریکا حەزی دەکرد هێزەکانی تورکیاش بەشداری بکەن، بەڵام بەهۆی ڕازی نەبوونی کوردەکان بەو حەزەی ئەمەریکا ئەو کارە سەری نەگرت و ئەمەریکاش هیچی پێنەکرا، چونکە لە گرنگی کورد لە ناوچەکە و هێزیان باش گەیشتوون.

*** لە یەکێک لە گفتوگۆکانی دانیشتنی یادی کۆماری کوردستاندا باسی سەربەخۆیی کوردستانتان کرد، کاتی ئەو خواستە نەهاتووە لەم قۆناغەدا؟**

– مەسەلەی سەربەخۆبوون و دەوڵەتی کوردی شتێکی خەیاڵ نییە و ئەمە ڕاستییەکە و مافی کوردەکانە دەوڵەتی خۆیان هەبێت، بەڵام لەم قۆناغەدا پێویستە کورد زەمینەی بۆ دروست بکات و پارێزگاری لەو دەسکەوتانە بکات بەدەست هێناوە.

زۆرێک لەوانەی لە دەرەوە هاتوون باسی گرنگی کورد دەکەن و بە چاوێکی جیا لە عێراق سەیری ئێرە دەکەن، ئێوە ئاسایش و ئارامیتان هەیە.

دووبارەی دەکەمەوە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت مافی ڕەوای کوردە و وەک ئەوەی بەڕێز سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا لەم چەند ڕۆژەی پێشوو باسی کرد و من ئەو پێداگرتنەم لە سەربەخۆیی کوردستان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کورد بە ئەزموونترین خەڵکی ناوچەکەن لە ئازادی و دیموکراسیدا.